**ژماره :123**

**بەروار:2023/2/19**

- **سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران لیژنەی لە سەر ئاستی باڵ پێك دهێنێت بۆ بەدواداچونەوەی کاری ئۆفیسی هەڵبژاردنەکان .**
- **ئەندام ئەنجومەنی کۆمیسیاران سەردانی مەیدانی ئۆفیسی پارێزگای نەجەف دەکات .**
- **سەردانی بەرداوم بۆ کۆگاکانی کۆمیسۆنی هەڵبژاردنەکان .**
- **ئەنجامدانی تۆماری بایۆمەتری لەدایکبوە نوێەکانی2005 دەست پێدەکات.**

**ووتەی هەفتانە :**

**ئەنجومەنی کۆمیسیاران کۆبوونەوە ئەنجام دەدات لە رۆژی دووشەممەی 2023/2/13 ، لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆك وئەندامەکانی ئەنجومەن گفتوگۆیان کرد لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە سەر رێگا ورێەکارەکانی تایبەت بە پاڵپشتیکردنی دەزگاکانی دەستەکە بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆ مسۆگرکردنی مافی هەموو دەنگدەرەکان بە شێوەیەکی دستوری.**

**لە بارەیەکی پەیوەندیدارەوە سەرۆکی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکان بەدواداچونەوەی کارە هونەریەکانی بەشی پرۆسەیەکان وتەکنلۆجیای زانیاریەکان  هەروەها بەشی راگەیاندن وئامەرازی پەیوەندی کردن بە جەماوەرەوە ، هەروەها بە هۆبەکانی ئەم دووبەشە بۆ جێبەجێکردنی بریارەکانی دەرچوو لە ئەنجومەن بە شێوەیەك بگونجێت لە گەڵ بەرووپێشچونی بەردەوام بۆ کاری هەڵبژاردنەکان .**

**لەبارەی پێکهێنانی لیژنەوە ، لیژنەیەك پێکهێنراو لە ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران ، وسەرۆکی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکان ، وبەرێوبەرەگشتیەکان، وبەرێوبەرەکانی بەشەتایبەتەکان لە بواری چاودێری کارگێری ودارایی ، بە فەرمانی سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران ، بۆ سەردانی کردنی ئۆفیسی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بەشێوەیەکی مەیدانی ، ئەندام ئەنجومەنی کۆمیسیاران دادوەر علی رەشید وجێگری سەرۆکی بەریوەبردنی هەڵبژاردنەکان بۆ کاروباری کارگێری ودارایی ئۆفیسی نەجەفی پیرۆز و ژمارەیەك لە ناوەندەکانی تۆمارکردن وکۆگاکانی تایبەت بە ئۆفیسەکەوە ، بۆ ئاشنابوونی راستەوخۆ لە سەر چالاکی هونەری وپرۆسەیی وکارگێری ، و وەستان لە سەر ئەو بەربەستانەی کەوا رووبەروو پرۆسەکە دەبێتەوە ، وزانینی رێژەی تۆمارکردن ونوێکردنەوەی بایۆمەتری ومەودای بەرێوەچوونی کارەکانی تیمی گەرۆك لە رێگای نوێکردنەوەی داتاکان .**

**لەبارەی چالاکیەکانی فەرمانگای حزب ورێکخراوە سیاسیەکان ، ئەم فەرمانگایە بەدواداچونەوە دەکات لە سەر حزبە تایبەتەکان کەوا لە لای تۆمارکراوە لە هەموو دامەزراوەکانی لە کۆمیسیونی هەڵبژاردنەکان ، هەروەها تیمێکی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی حزبەکان ، وبەدواداچونەوە دەکەن لە رێگای سەردانی مەیدانی بۆ دامەزراوەکانی ئەم حزبانە ، بۆ ئاشنابوون لە تۆمارەکانیان وبەڵگەکانیان کەوا دەبێت ئامادەبێت لە**

دامەزراوەکانی حزبەکان ، سەرپەرشتیکردنی بەردەوام لە سەر کۆنگرە گشتیەکان وبەردەوام کەوا حزبەکان رێکی دەخات بە پێی رێنمایەکانی جێبەجێکردنی یاسای حزب ورێکخراوە سیاسیەکان ژمارە (36) بۆ ساڵی 2015.

هەروەها لە بارەی گرنگی دانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بە لایەنی بەرگری وتەندرووستی ، کۆمیسیۆن هەڵبژاردنەکان بەردەوامە لە رێکەوتن لە گەڵ هۆبەکانی بەرگری مەدەنی وسلامەتی وتەندرووستی لە گەڵ لایەنە ئەمنیەکان وبەرگری مەدەنی ، بۆ پشکنینکردن وبەدواداچونەوەی سیستمەکانی ئاگرکوژێنەوە بە شێوەیەکی بەردەوام ، وێرای پێکهێنانی تیمی فریاکەوتنی خۆیی ( فریاکەوتن ، ئاگرکوژێنەوە ، دەرچوون ) لە ئۆفیسی پارێزگاکانی هەڵبژاردنەکان ، وئەنجامدانی سەردانی مەیدانی شەوانە لە رۆژەکانی پشووی فەرمی ، هەروەها بەشداریان کرد لە کۆنگری نێودەوڵەتی چوارەهەم بۆ رێکخستنی زانیاری جوکرافی وشارە زیرەکەکان ، بۆ سوودوەرگرتن لە پاراستنی دەزگاکانی وگەشەکردنی تواناکانی کارمەندەکانیان لە ئەوانەی خاوەن پسپۆڕن .

لە لایەن تۆماری بایۆمەتریەوە ، ئۆفیسی هەڵبژاردنەکان بەردەوامن لە رێکەوتنی کار لە گەڵ لایەنەکانی پاڵپشتی کردنی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە بڵاوکردنەوەی تیمی گەرۆك لە ناوەندەکانی تۆمارکردنی بایۆمەتری لە نێوانیان لەدایکبووی 2005 ، لە گەڵ بەردەوامبوونی ئۆفیسی نیشتیمانی وئۆفیسی پارێزگاکان بەجێبەجێکردنی پلانی راگەیاندن لە بڵاوکردنەوە  نامەی راگەیاندن لە ئامەرازەکانی راگەیاندنی جۆراوجۆر بۆ روونکردنەوەی رێکارەکانی کۆمیسیۆن دەربارەی بانگەشەکردنی ئەودەنگدەرانەی کەوا پێشتر تۆماری بایۆمەتریان ئەنجامداوە بۆ وەرگرتنی کارتەکانیان لە رێگای چەندین ئامەرازی گەیاندنەوە بە کۆمەڵگا ، و ئامەرازی راگەیاندنی خۆماڵی جۆراوجۆر لە پارێزگاکان ،، کەوا ئەنجامەکی بوو بە تۆمارکردنی (٥٨٢،٩٨٣) دەنگدەر ، هەروەها ناوەندەکانی تۆمارکردن (٨١٥،٦٩١) کارتی بایۆمەتری دابەشکردوە ، پێکهاتووە لە (٢٢٤،٢٤٠) کارتی دەنگدانی گشتی ،و(٥٤٢،٨٣١) کارتی تایبەت بە هێزە ئەمنیەکان و هێزی چەکدار ، هەورەها کارتی ئاوارەکان وراگوێزراوان گەیشتوەتە (٤٨،٦٢٠ ) کارت بەئامادەبوونی چەندین لە چاودێرەکانی خۆماڵی وبریکاری حزبە سیاسیەکان ، هەروەها بۆ ئەوانەی گرنگی دەدەن بە باری هەڵبژاردنەکان دەتوانن سەردانی (راپۆرتی پرۆسەیی کۆکراوە بکەن) لە رێگای ماڵپەری فەرمی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان https://ihec.iq/biometric-registration.

هەروەها کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان گرنگی دەدات بە پرۆژەی بەتواناکردنی ئافرەتان وئەم بابەتە یەکێکە لە ئامانجەکانی  وتەورەکانی پلانی ستراتجی ، کەوا کاردەکات لە رێگای راهێنەروەکانی تیمی بەتواناکردنی لە ئۆفیسی نیشتیمانی وئۆفیسی پارێزگاکانی هەڵبژاردنەکان لە سەر بەرنامەی رۆشنبیرکردنی بەردەوام بۆ ئافرەتان وجێبەجێکردنی وەرکشۆپی بەردەوام لە دەزگا حکومیەکان وفەرمانگاکانی وچالاکیەکانی بۆ بەتواناکردن و بەهێزگردنی ئافرەت وگرنگی بەشداریکردن لە پرۆسەی دیموکراتی ، وێرای رۆشنبیرکردنیان بە گرنگی تۆماری بایۆمەتری ، لە گەڵ ئامادەبوونی تیمی گەرۆك بۆ دەرفتی تۆمارکردنی کارمەندەکان لە دەزگاکان .

ووتەبێژی راگەیاندن